**بەش: زمانی کوردی**

**زانکۆ: سەلاحەددین ـ هەولێر**

**بابەت: ڕێزمانی فێرکاری**

**پەرتووکی کۆرس: ساڵی یەکەم (پۆلی یەکەم / وەرزی یەکەم)**

**ناوی مامۆستا: د. بابارەسول نوری ڕەسول**

**پلەی زانستی: پرۆفیسۆری یاریدەدەر**

**ساڵی خوێندن: 2023- 2024**

# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

| | |
|---|---|
| 1. ناوی کۆرس | ڕێزمانی فێرکاری |
| 2. ناوی مامۆستای بەر پرس | م. باباڕەسول نوری ڕەسول |
| 3. بەش/ کۆلێژ | بەشی زمانی کوردی، کۆلێژی پەروەردە / شەقڵاوە |
| 4. پەیوەندی | ئیمێل: babarasul.rasul@us.edu.krd |
| 5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | سێ کاژێر تیۆری ( سێ یەکەی لەسەرە ) |
| 6. ژمارەی کارکردن | ڕۆژانی (شەممە و یەك شەممە و دوو شەمەو سێ شەممە) لە کاژێر (8:30 ـ 1:30) لە هەفتەیەکدا ( 12 کاژێر) وانە وتنەوە و (4باسی دەرچوونم) لایە. |
| 7. کۆدی کۆرس | |
| 8. پرۆفایەلی مامۆستا | * بەکالۆریۆس لە زمان و ئەدەبی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی سەلاحەددین (1997 ـ 1998).<br>* ماستەر لە زمانی کوردی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سەلاحەددین (2009).<br>* گۆرینی ناونیشان لە (مامۆستای یاریدەدەر)ەوە بۆ (مامۆستا) لە (2012/11/11).<br>* دکتۆرا لە زمانی کوردی لە کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی کۆیە (2013).<br>* گۆرینی ناونیشان لە مامۆستاوە بۆ پرۆفیسۆری یاریدەدەر لە ڕێکەوتی 2019/9/22<br><br>*چاپکردنی کتێبێك بەناونیشانی (پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا) لە (2012).<br>* وەرگرتنی یان مۆڵەتپێدانی چاپکردنی کتێبی (شیکردنەوەی دەق، نوکتە بە نموونە) لە (بەڕێوەبەرایەتی ڕۆشنبیری سلێمانی) لە (2013)ەوە" بەڵام تاکو ئێستا بەچاپ نەگەیەنراوە.<br>* نووسین و بڵاوکردنەوەی هەشت لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی:<br>ــ (تێگەیشتنی دەربڕینە زمانییەکان لەڕوانگەی زمانەوانی دەروونییەوە) لە ژمارە (23)ی گۆڤاری (ئەکادیمیای کوردی)، (2012) بڵاوکراوەتەوە.<br>ـ (بەشە ئاخاوتنی ناو لەنێوان ڕستەسازی و واتاسازیدا) لە ژمارە (208)ی گۆڤاری (مجلە الاستاذ)ی (زانکۆی بەغدا)، (2014) بڵاوکراوەتەوە.<br>ـ (بەرهەمداری بەشە ئاخاوتنی ناو لەڕووی مۆرفۆلۆجییەوە) لە ژمارە (210)ی گۆڤاری (مجلە الاستاذ)ی (زانکۆی بەغدا)، (2014) بڵاوکراوەتەوە.<br>ـ (شێوازی گوتنەوەی وانەی زمان و ئەدەبی کوردی (قۆناغی ئامادەیی بە نموونەو ڕێزمان بە تایبەتی)) لە ژمارە پێنجی گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین بڵاوکراوەتەوە .<br><br>ــ (مۆرفیمی (لا) لە ئاستی ڕێزمان و واتاسازیدا لە ساڵی |

| | |
|---|---|
| | (2016) لە ژمارە حەوتی گۆڤاری زانکۆی ڕاپەرین بڵاوکراوەتەوە.<br>ـ (پێکهاتەی زمانی و هونەری دەقی مەتەڵ) لە بەرگی (6)ی ژمارە (3)ی ساڵی (2016)، گۆڤاری (پۆلی تەکنیك) بڵاوکراوەتەوە.<br>ـ (چەمکەکانی نادیاری لە زمانی کوردیدا) لە ژمارە ١١ی گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین- ٢٠١٧ بڵاوکراوەتەوە.<br>ـ (سنوری نێوان بەرکاری ناڕاستەوخۆ و ئاوەڵگوزارە لە ڕستەی زمانی کوردیدا)، لە ژمارە ٢٢٧ لە گۆڤاری الاستاذ لە کانوونی یەکەمی ٢٠١٨ بڵاوکراوەتەوە.<br>سەرپەرشتی قوتابی خوێندنی باڵامکردووە و بەشداری لێژنەی تاو و توێی ماستەر و تێزی دکتۆرام کردووە.<br>* چەندین سیمینارم پێشکەشکردووە و بەژداری چەندین سیمیناری ترم کردووە.<br>* لە (1994/9/22) دامەزراوم" بەڵام لە (1994/10/1) دەست |
| **9. وشە سەرەکیەکان** | ڕێزمان ، بەشەکانی ئاخاوتن، شیکردنەوەی ، ئەرکی وشە. |

**10. ناوەڕۆکی گشتی کۆرس:**

* گرنگی خوێندنی کۆرسەکە: ئەم کۆرسە گرنگە بۆ قوتابی تاکو زانیاری زیاتر لەسەر ڕستەو بەشەکانی ڕستە وەربگرێت" چونکە ڕێزمان ئاستێکی گرنگی زمانەو . هەروەها قوتابی سنووری زانست دەزانێت و زیاتر شارەزایی لە ڕێزمانی زمانی کوردی پەیدا دەکات.
* تێگەیشتنی چەمکی سەرەکی کۆرسەکە: باس لە زاراوەی ڕێزمان دەکرێ و هەروەها باس لە پەیوەندی ڕیزمان بە ئاستەکانی تری زمان دەکرێت و باسیش لەوانەکانی زمان دەکرێت.
* بنەماو بیردۆزی کۆرسەکە: لەڕێگەی ئەم بابەتانەی کە لەم کۆرسە باس دەکرێن، قوتابی بەرچاو ڕوونی زیاتر لەبارەی ڕێزمانی کوردی پەیدا دەکات.
* زانینی تەواو بەلایەنە گرنگەکانی بابەتە: دەبێت قوتابی بە تەواوی فێری زانستەکە بکرێت و هەموو زانیارییەك لەبارەی بابەتە بخرێتەبەر دەستی قوتابی.
* زانین و تێگەیشتن پێویست بۆ دابینکردنی هەلی کار: قوتابی شارەزاییەکی تەواو لەبارەی زانستەکە فێردەبێت و دەتوانێت شت بنووسێت و دەتوانێت وەکو مامۆستا لە قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی وانە بڵێتەوە. هەروەها ئاسۆیی بیرکردنەوەی قوتابیان لەبارەی خوێندنەوە و نووسین زیاد دەکات، بەگشتی قوتابیان بەهۆی ئەم بابەتەوە زانیاریان لەسەر ڕێزمان زیاد دەبێت و فێری ڕاستی نووسین دەبن.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

**ئامانج لە خوێندنی ئەم بابەتە ئەوەیە:** قوتابی دوای تەواوبوونی کۆرسەکە زانیارییەکی گشتی لەبارەی زانستەکەوە دەبێت. هەروەها خاوەنی تێڕوانین و خوێندنەوەیەکی وردبێت و بۆ زمان وبەشەکانی ئاخاوتن و کەرستەکانی ڕستەو یاساکانی چوونەپاڵ یەکی کەرستەکانی ڕستە.
* ئاشنابوونی قوتابی بە (ئاستەکانی زمان) و (وانەکانی زمان).
* بەرهەمهێنان و پێگەیاندنی نەوەیەکی نوێی شارەزا بە زانستە نوێیەکان و تێگەیشتن لە فرەیی ئاراستەکانی لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لە نرخ و بەهای زمان بەگشتی و ڕستەسازی بەتایبەتی.
* قوتابی شارەزایی لەبارەی چوونەپاڵ یەکی وانەکانی زمان فراوان دەبێت" بەمەش فێری ڕاستی نووسین دەبێت.
* هەروەها خوێندنی ئەم بابەتە دەبێتە هۆکارێك لە قۆناغی داهاتووی قوتابیاندا، بەمەبەستی وتنەوەی بابەتی ڕێزمانی کوردی لە قۆناغەکانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیدا" چونکە بەشی گرنگی پەرتووکە مەنهەجییەکان پەیوەستە بەم بابەتەوە. هەروەها ئاسۆی نوسینیان فراوان دەبێت.

**12. ئەركەكانى قوتابى**

لێرەدا مامۆستا لەسەریەتی بەرپرسیارێتی قوتابی لەڕووی ئامادەبوون لە پۆل و بەشداریکردن لە تاقیکردنەوەکان و سازکردنی سیمیناروو نووسینی ڕاپۆرت و وتار نووسین... هتد بۆ قوتابیان ڕوونبکاتەوەو هانیان بدات بۆ جێبەجێ کردنی ئەم بابەتانە.
هەروەها دەبێت مامۆستا قوتابیان هانبدات بۆ ئەوەی سەرچاوەی بەسوود و پەیوەست بە زمانی کوردی بە گشتی و ببە ڕێزمانی کوردی بەتایبەتی بخوێننەوە. واتەوە مامۆستا دەبێت ئەمانە وەك ئەركێك لە قوتابیان داوا بكات و دەبێت قوتابیانیش جێبەجێی بکەن.

**13. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

دەبێت مامۆستا ڕیگەی نوێ و زانستیەکانی سەردەم بەکاربهێنێت" وەکو (وانەبێژی + شیکردنەوە + پرسیار و وەڵام + ڕوونکردنەوە)، بەڵام دەبێت ئاستە جیاوازەکانی قوتابی ڕەچاو بكرێت.
هەروەها دەبێت كەرستەو هۆیەکانی فێرکردن وەکو (داتاشۆ، تەختەو ماجیك) بەکاربهێنێت و هەوڵبدات بە نموونەی زیندوو قوتابیەکان ئاشنا بە بابەتەکە بکات.

**14. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

لەماوەی كۆرسەكەدا، دوو تاقیكردنەوەی سەرەكی یان سێ تاقیكردنەوە دەكرێت، جگە لەمەش ڕەچاوی چالاكی و بەشداری قوتابی لە پۆل دەكرێت. نمرەی كۆشش (40) نمرە دەبێت و تاقیکردنەوەی كۆتایی ساڵیش لەسەر (60) نمرە دەبێت.

**15. دەرئەنجامەکانی فێربوون**

خوێندنی بابەتەکە چەند ئامانجێك دەپێكێ، لەوانە:
* **ئامانجی گشتی**: قوتابی زانیاری لەبارەی زمان بە گشتی و ڕێزمان بەتایبەتی پەیدا دەکات و سنووری کاری زانستە دەزانێت. هەروەها گرنگی ئەم بابەتە بە بەراورد بە بابەتەکانی تر دەزانێت. قوتابی بەهۆی ئەم بابەتەوە فێری ڕاستی نووسین دەبێت و دەشتوانی هەست بە هەڵەو کەموکورییەکان لە دەربڕین و نووسیندا بکات" بە تایبەتی هەڵەی زمانی نووسینی تابلۆكان و دەربڕین و نووسراوەکانی سەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن" دەبێت هەوڵیش بدات هەڵەکان ڕاست بکاتەوە.
* **ئامانجی تایبەتی:** قوتابی فێری زانستەکە دەبێت و دەتوانێت بنووسێت و لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکان كاربكات و شت بنووسێت. هەروەها قوتابی بەهۆی ئەم كۆرسەوە" خۆشەویستی بۆ وانەكە بەتایبەتی و بەشەكانی تری زمان بەگشتی پەیدا دەكات و سەلیقەی زمانەوانی بەهێز دەبێت و لایەنی خاڵبەندیتی بەهێز دەبێت.
هەروەها ئەم بابەتە دەبێتە هۆكارێك بۆ بەرەوپێشچوونی قوتابی بۆ قۆناغی داهاتووی ژیانی" كە وتنەوەی وانەی زمان و ئەدەبی كوردیە لە قۆناغەكانی خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی" بەمەش زانیاری زیاتر دەبێت.

**16. لیستی سەرچاوە**

*** سەرچاوە بنەڕەتییەکان:**
1ـ ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (2013)، هەندێ لایەنی ڕستەسازی کوردی، هەولێر.
2ـ وریا عومەر ئەمین (2009)، ئاسۆیەکی تری زمانەوانی، هەولێر.
3ـ تالیب حسین عەلی (1998)، هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستەو واتا لە کوردیدا، نامەی دکتۆر، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.
4ـ عەبدوڵڵا حوسین ڕەسول (2005)، پوختەیەکی وردی ڕستەسازی، هەولێر.
*** سەرچاوەی سوود بەخش:**
1ـ محەمەد مەعورف فەتاح (2010)، لێکۆڵینەوە زمانەوانییەکان، هەولێر.
2ـ لێژنەی زمان و زانستەکانی (1976) ، ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی، کۆڕی زانیاری کورد، بەغدا.
3ـ حاتەم ولیام محەمەد (2000)، فرێزی ناوی و فرێزی کاری لە کرمانجی ژووروودا، نامەی ماستەر، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

4ـ ئەورەحمانی حاجی مارف (2004)، فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی، سلێمانی.
5ـ رەفیق شوانی (2009)، زمانەوانی، هەولێر.
6ـ عەبدوڵڵا حوسین (2015)، زمانەوانی، هەولێر.
7ـ باباڕەسول نوری ڕەسول (2012)، پێکهاتەی ژمارە لە زمانی کوردیدا، هەولێر.
8ـ ئەحمەد حەسەن ئەحمەد (1976)، ڕێزمانی کوردی ـ بە کوردی و عەرەبی، بەغدا.
9ـ ئەورەحمانی حاجی مارف (1998)، ڕێزمانی کوردی ـ ژمارە و ئاوەڵکردار، بەغدا.


**17. بابەتەکان**

| ڕێککەوت | بابەتی سەرەکە | بابەتی لەخۆ گرتوو |
|---|---|---|
| هەفتەی یەکەم و دووەم | یەکتر ناسین و ناساندنی بابەتەکە زمان و ئاستەکانی | دەنگسازی / ڕێزمان / واتاسازی / جیاوازی نێوان ڕستەسازی و وشەسازی زاراوەو چەمك و مێژووی سەرهەڵدانی ڕێزمان |
| هەفتەی سێیەم و چوارەم | بەشەکانی ئاخاوتن | ناو و جێناو ( زاراوە/ چەمك/ جۆر/ ئەرك/) جیاوازییان |
| هەفتەی پێنجەم و شەشەم | | چاوگ و کار ( زاراوە/ چەمك/ جۆر/ ئەرك/) |
| هەفتەی حەفتەم و هەشتەم و نۆیەم | بەشەکانی ئاخاوتن | ئاوەڵناو و ئاوەڵکار ( زاراوە/ چەمك/ جۆر/ ئەرك/) جیاوازییان |
| هەفتەی دەیەم | بەشەکانی ئاخاوتن | ژمارە ( چەمك / زاراوە جۆر) |
| هەفتەی یازدەیەم و دوازدەیەم | بەشەکانی ئاخاوتن | ئامراز ( چەمك / زاراوە / ئەرك/ جۆر)+ تاقیکردنەوە |
| هەفتەی سیانزە و چواردە | شیکردنەوە | ئەرکی وشە لە ڕستەدا |
| هەفتەی پازدەیەم | خاڵبەندی | خاڵبەندی |
| هەفتەی شازدەهەم | تاقیکردنەوە | |

**ناوی مامۆستای وانەبێژ**

باباڕەسول نوری ڕەسول

هەفتانە 6 کاژێر

18. نییە

**19. تاقیکردنەوەکان**

پ1/ بەکورتی باسی مێژو و سەرهەڵدانی ئاستەکانی زمان و ڕێزمان بکە.
پ2/ بۆچوونی جیاواز لەسەر ژمارەی بەشەکانی ئاخاوتن هەیە ، ئەمە ڕوونبکەوە
پ3/ ناو لەچەند ڕووە وە پۆلین دەکرێ؟ بەنموونەوەز
پ4/ ئایا ژمارە چۆرێکە لە ئاوەڵناو؟ چۆن؟
پ5/ دەگونجێ جێناو چ ئەرکێك ببینێ؟ بەنموونەوە.
پ6/ جۆر و ئەرکی ئامراز لە ڕستەدا دیاری بکە.

**20. تێبینی تر**

قوتابییان هانبدرێن تاکو سەرچاوەی زیاتر لەسەر بابەتەکە بخوێننەوەز

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**